بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی سلێمانی کچێکی ڕزگارکرد دوای ڕفاندنی بۆ شاری دهۆک



بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی سلێمانی، ڕزگارکردنی کچێکی ڕایگەیاند دوای ڕفاندنی بۆ شاری دهۆک.

ئەمرۆ سێشەممە، بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی سلێمانی ڕایگەیاند، "یەکێك لە نوسینگەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتانەو خێزان ئاگادارکرایەوە کە کچێکی نەوجەوان کە تەمەنی تەنها 11 ساڵە لەلایەن کوڕێکەوە هەڵخەڵەتێنراوەو بەرەو سنوری هەولێرەو دهۆك هەڵهاتوون". ڕوونیکردەوەش کە لە ماوەیەکی کەمدا بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتانەو لە دهۆك ئاگادارکردەوە توانرا بە هاوکاری بەڕێزیانەو بە هەماهەنگی ئاسایشی دهۆك لە ماوەی چەند کاتژمێرێکی کەمدا لە سنووری پارێزگای دهۆك دەستگیر بکرێن دواتر دەگوازرینەو بۆ هەولێرە و پاشان لە ڕێگەی دەزگای ئاسایشی هەولێرەوە دەگەڕێنرێنەوە بۆ سلێمانی.

بەگوێرەی بەیاننامەیەکی بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی ئافرەتانی سلێمانی، "پاش مانەوەی کچە نەوجەوانەکە لە خانەی داڵدەدراوی ژنانی هەڕەش لێکراو بە مەبەستی دڵنیا بوون لە سەلامەتی تەندروستی ئاگادارکردنەوەی کەسەو کاری کە پێشتریش بەردەوام لە پەیوەندیدا بووین، دواتر باوکی کچەکە بانگ کراو لە ڕێگەی کەسانی یاساییەو توێژەرانی کۆمەڵایەتیەو دەروونییەوە ڕێنمای پێدراو لە

سەلامەتی کچەکەی دڵنیا کرایەوە کچەکەش باسی لەوە کرد کە تۆمەتبارەکە بە زۆر ڕفاندوویەتی هەڕەشەی کوشتنی لە خۆی و باوکی و براکەی کردووە و ناچاری کردووە کە بڕێك پارەش لە ماڵەوە بهێنێن بە نیازی ئەوەی کە دەچنە دەرەوەی هەرێم بۆیە ناچار شوێنی کەوتووە".

کچە نەوجەوانەکە داوای سکاڵای یاسایی کرد لە دژی تۆمەتبارەکە، لەلایەن نوسینگەیەکی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی دڵنیا کرایەوە کە بەدواداچوون و چاودێری کێشەکەی دەکرێت پەڕاوی لێکۆڵینەوە بە تۆمەتبار کراوەتەوە.